# قەیرانی تورکیاو ئاشتی جیهانی

**ئەحمەد ئالْتان**

**وەرگێڕانی مەجید ساڵح**

لە تورکیا سوپاو حکومەت لە ململانێیەکی توندان بۆ گرتنە دەستی دەسەلآت. بە ئاشکرا ولآتەکە بوەتە بەسەر دوولایەندا دابەش بووەو پشێویەکی زۆر هەیە. "ئەحمەد ئالْتان"ی نوسەری تورکیا تەناقزاتەکانی ولآتەکەی لەم نوسینەدا پەیامو مەترسیەکانی ئەو ململانیەیە دەخاتە روو.

تورکیا ئێستا بە قۆناغێکی یەکلاکەرەوەی گەورەو کۆتایدا تێپەرش دەبێت. بەلآم ئەوەی لەم ململانیەدا رۆڵی سەرەکی دەبینی جیاوازیە ئاینیو نەژادیەکان نیە. ئەم ولاچتە بە دەست جیاوازیەکی ریشەیی زۆر گەورەترەوە گیرۆدەیە. کیچشەکە لەوەدایە " جیاوازیە کلتوریەکان" کە لە درێژایی تەمەنی کۆمارەکەوە هەیە، ئێستا زۆر قوڵتر بووەتەوە.

ئێستا لە تورکیادا لە لایەکەوە ژمارەیەکی زۆر مرۆ ڤ هەن پێش ئەوەی بچنە ناو ماڵەکانیانەوە پێلآوەکانیان دادەکەنن، ژنەکانیان حجاب لە سەر دەکەنو مێردەکانیان بە پیجامەوە لە شەقامەکاندا پیاسە دەکەنو میچردمنداڵەکانیان زۆربەی کاتەکانیان لە چایخانەکاندابەسەر دەبەن، ئەوە لە کاتێکدایە کچەکانیان لەبارێکی سەرکوتکردنی سەختدا دەژین. ئەم مرۆڤانە گلۆپی ماڵەکانیان گلۆپی هەرزان بایی "فلورسنت"ە، حەزیان لە مۆسیقایەکە نزیکە لە مۆسیقای لۆکاڵیو عەرەبیو لەوانیە بەدرێژایی تەمەنیان تاکە کتێبێکیان نەخوێندبێتەوە. ژنومێردەکانی ئەمانە هەرگیز پێکەوە لە ریستۆرانتێکدا نانیان پێکەوە نەخواردوەو شانۆ بەلایانەوە نامۆیەو کۆڵکە خوێندەواریەکیان هەیەو بڕوایان بە ئاین بەهێزە.

بەلآم لە لاکەی ترەوە کەسانێك هەن بۆ تەواوکردنی خوێندن لە کۆلیژەکانی بیانی سەفەر دەکەن بۆ ئەستانبوڵ. ئەمانە لە زانکۆکاندا ئاهەنگ دەگێڕنو زەماوەندو سەما دەکەن. دەچنە سینەما، کتێب دەخوێنەوە، هەرچەندە زۆر نییە ، بەلآم ئاستی خوێنەواریان بەرزە، زەوقی مۆسیقیان لە پاپ تا کلاسیکیو دیکۆری ماڵەکانیان تا رادەیەك بە ئارەزی خۆیان داناوە. ژنەکانیان هەرگیز حجابی ئیسلامی ناپۆشن. هەرچەندە رێگە بە کچەکانیان نادەن لە گەڵ دۆست کوڕەکانیان ژوان بکەن، بەلآم گەر وایان کرد چاوپۆشی لێدەکەن. ئەمانە هەرچەندە برشوایان بە خوا هەیە، بەلآم گرنگی بە عیبادەت نادەن، ئەوان زانیاری زۆریان لە سەر شەراب نیە، بەلآم لە مێواندارییەکانیاندا مەشروباتی ئەلکولی دەخۆنەوە، رۆژنامە دەخوێنەوەو تەماشای مێزگردە تەلەفزیۆنیەکانیش دەکەن. ئەم کەسانە هەست دەکەن لەو دەستەکەی تر پێشکەوتوترنو بە پێی ستانداردەو ستایلی ژیانی رۆژئاوایی خۆیان پیشان دەدەن.

**باوەڕە دژ بە یەکەکان**

ستایلی ژیانی ئەو دوو دەستەیە هیچ پەیوەندیەکیان پێکەوە نییە. بە پێچەوانەی رۆژئاواوە، لەوێدا دەستنیشانکردنێکی دەستەجەمعی هەموو چینەکان لە چەند رەگەزێکی وەك مۆسیقای کلێساو چیرۆکەکانی ئینجیل کە دەشێت بۆ سینەماش بەکار بێن کۆ دەکاتەوە. بەلآم لە تورکیادا هیچ زەمینەیەکی کلتوری ناتوانێت ئەو دەستەو تاقمە جیاوازانە پیچکەوە گری بدات. ژیانو سەلیقەو بیروبۆچونیان بە تەواوەتی لێك جیاوازنو ناکۆکن.

دەستەی یەکەم بە درێژایی سالآنی کۆمار پشتگوێو پەراوێز خراونو سوکایەتیشیان پێکراوە. ئێستا ئەم دەستە گەورەیە بوەتە خاوەن رێکخراوو دەسەلآتی سیاسیو لە هەر هەڵبژاردنێکدا بەشداری بکەن سەردەکەون.

دەستەی دووەم کەمینەیەو چانسی بردنەوەی لەهەڵبژاردنەکانی دیکەدا نییەو لێرەدایە ناکۆکیەکی گەورەی مێژووی سەر هەڵدەدات. دەستەی دووەم کە خویان بە رۆژاوایی دەزانن، پێیانوایە ئەگەر پەیڕەوی بکەن لە پێوەرەکانی رۆژئاوا ئەوا چیتر ناتوانن بگەنەوە بە دەسەلآت، بۆیە ئێستا دژی بەهاکانی دیموکراسی رۆژئاوان.

بەلآم دەستەی یەکەم کە باوەڕەکانی لە گەڵ باوەڕەکانی رۆژئاوا ناکۆکەو دەزانێت تەنیا بە پەیڕەوکردنی پێوەرەکانی رۆژئاوا دەتوانێت دەسەلآت بگرێتە دەست. بۆیە ئەم دەستەیە لە هەوڵی ئەوەدایەخۆی لە گەڵ پێوەرەکانی رۆژئاوادا بگونجێنێتو پەیوەندیەکانی لە گەڵ رۆژئاوادا پەرە پێبدات.

"سوپا" لە هەڵوشانەوە کلتوریەدا رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت. ئەگەر پشتیوانی لە دەستەی یەکەم بکاتو پێوەرەکانی رۆژئاوا پەسەند بکات،

ئەو دەسەلاٌتەی کە ئێستا هەیەتی لە دەست دەدات. لە راستیدا سوپا لە منداڵی دەستەی یەکەم پێك هاتوەو ئێستا خەرێکی هاوکاری کردنی دەستەی دووەمەو لە گەلٚ باوەرش‌و بەها فکریەکانیاندا ناکۆکە، بەلاٚم ئەوە تەنیا رێگەیە بۆ مانەوەی لە دەسەلاٚت. دەکرێت بلٚێن سوپا خیانەت لە خۆی دەکات. ئێستا وادێتە پێش چاو هەردوو لایەنەکە لە خۆئامادەکردندان بۆ شەڕی کۆتایی گرتنە دەستی دەسەلاٚت.

**هەرگیز ئۆروپا پشتیوانی لە کودەتا نامات**

دەستەی یەکەم لە رووی ئابووریەوە ئێستا لە دۆخێکی گونجاو و بەهێزدان. لەوەی کە پەیوەندی لە گەلٚ "حکومەتدا" باش نییە، ئەوەی لە ئەنازۆلٚ بەرهەمی دەهێنێت لە دەرەوە دەیفرۆشێتەوە. ئەم گروپە بە هەولٚی خۆی هێزی بە دەست هێناوەو پشتیوانی تەواو لە رێکخراوە سیاسیەکەی خۆی دەکات.بەلاٚم دەستەی دووەم بەراستی توشی قەیرانی کەمی سەرمایەیە. پشتیوانانی دەستەی دووەم ئەو برژوازانەن کە لە دەرەوە سەرقاڵی بازرگانین‌و پێگەیەکی دارایی باشیان هەیە. ئەم دەستەیە چینێکی رۆشنبیری هەیە پێی وایە تورکیا تەنیا ئەو کاتە دەتوانێت هاوسەنگی بۆ خۆی بگەڕێنێتەوە کە پەیڕەوی لە دیموکراسی بکات، لە هەمانکاتدا بەشێکی بیرۆکراتی هەیە دەلٚێت پێکهاتەی ولاٚت دەبێت بە شێوەیەك بگۆڕێت هاوکاری جیان بکات.

بەلاٚم بەشە گرنگەکانی سیستەمی قەزایی‌و سوپاو بیرۆکراسی ولاٚتەکە پشتیوانی لە دەستەی دووەم دەکەن. ئێستاکە دەستەی دووەم بۆیان دەرکەوتوە بە شێوازی سیاسی پشت بەستو بە دیموکراسی ناتواننلە دەسەلاٚتدا بمێننەوە، بۆیە بە دوای رێگە چارەی دیکەدان.

هەلٚبژاردنی سەرۆك کۆمار ئامانج‌و مەرامی هەردولای ئاشکراکردو دەریخست ناکۆکیەکانیان چەند توندوتیژە.

دەستەی دووەم کە سوپا پشتیوانی لێدەکات داوای هەلٚبژاردنی تر ناکات. رۆژ لە دوای رۆژ پڕوپاگەندەی کودەتا پەرەدەسێنێت. باس لە حکومەتی سەربازی دەکرێت. بەلاٚم ئەگەر کودەتا روبدات چی سەرهەلٚدەدات؟

ئەو دەستەیەی کە ستایلی ژیانی رۆژئاوایترە بە پشتیوانی سوپا دەگەڕێتەوە بۆ دەسەلاٚت، بەو جۆرە پشتیوانی رۆژئاوا لە دەست دەدات، چونکە ئۆروپا کودەتای پێ باش نییە.

لەولاشەوە ئەمریکای پراکماتیك، لەبەرامبەر ستراتیژەکانی لە باکوری عیراق‌و ئەو وەعدانەی کە داویەتی بۆ دیموکراتیزەکردنی عیراق، هیچ بیانویەکی پێ نییە بۆ پشتیوانی کردنی کودەتایەکی نادیموکراتیك. پاش کارەساتی عیراق وزەی ئەوەی تێدا نەماوە بەرگەی نارەزایەتیە نیودەولٚەتیەکان بگرێت. بۆیە بیەوێت‌و نەیەوێت دەبێت دژی ئەو کودەتایە بێت.

بەلاٚم ولاٚتێك کە یارمەتی دارایی لە رۆژئاوا وەردەگرێت‌و لە روی سەربازیەوە پشتیوانی لێدەکرێت‌و چەکەکانی لەوێوە دابین دەکرێت، چی قازانجێك دەکات گەر رێگەکەی لە رێگەی رۆژاوا جیاکاتەوە؟ پێم وایە دەستەی دووەم ماوەیەکی زۆرە بە دوای ولاٚمێك بۆ ئەو پرسیارانە دەگەڕێت‌و دواجار دۆزیویەتەوە. ئەگەر لە تورکیا کودەتا روو بدات جیهان روبەڕوی دیاردەیەك دەبێتەوە کە پێشتر شتی وای بە خۆیەوە نەدیوە. پاش ئەم کودەتایە تورکیا بەدوای هاوکاری ئێران‌و روسیادا دەگەڕێت. چەك‌و تەقەمەنی‌و وزەو هاوکاری لەوێوە دەست دەکەوێت. گازو نەوت‌و چەکی ئەتۆمی لە روسیاو ئێران دەتوانن تورکیا لە سەر پێی خۆی بهێلٚنەوە، با بۆ ماوەیەکیش بێت.

ئەو بلۆکەی لە روسیاو تورکیاو ئێران پێك بێن دەتوانێت هاوسەنگی دونیا تێك بدات. بۆ نمونە ئەم بلۆکە دەتوانێت کۆنترۆلٚی تەواوی رۆژهەلاٚتی ناوەڕاست بەدەست بهێنێت یان ئۆرپا لە سنورە بەرتەسکەکەی خۆیدا زیندانی بکات. دەتوانێت قەفقاس‌و ئەفغانستان‌و پاکستان بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوەو پەیوەندی نزیك لە گەلٚ جیهانی ئیسلامدا دروست بکات، دەتوانێت سەرچاوەکانی نەوت کۆنترۆلٚ بکات‌و تەمنانەت لە گەلٚ چین دا شەریك بێت.

**تەنا یەك گولە بەسە**

گۆڕانێکی لەو جۆرە کارایی رۆژاوا کە لە ئۆرپاو ئەمریکاو تا رادەیەك ژاپۆن پێك هاتوە، کەمکاتەوە. بلۆکە نوێەکە لە روی سەربازی‌و دارایی‌و سەرچاوەکانی وزەوە تا رادەیەکی زۆر دەولٚەمەندە. بۆیە قەیرانی ئێستای تورکیا دەکرێت ببێتە قەیرانێك لە سەر ئاستی دونیا. ئەگەر بڕیارە شەڕی جیهانی سێیەم سەرهەلٚدات، لە شتێکی واوە دەست پێدەکات.

لەوانەیە بلٚێت " شتی وا هەرگیز رونادات"...ئەوانەی لە رێگەی زانیاریە دلٚنیاکانی بەردەستیاندا پێیان وایە شتی وا رونادات، بە خەیالٚی راحەتەوە بەرگری لە بۆچونەکانی خۆیان دەکەن. بەلاٚم ئەگەر پێشبینیەکانی من کە پێم وایە وادەبێت ئەوکاتە چی بکەین؟

لە راستیدا من پێم وایە ئەم سیناریۆیە لە لایەن هەموو ئەوانەی دەرگیری مەسەلەکانی تورکیان بە شێوەیەکی ورد لە بەر چاو بگیرێت.

واتە ئەوانەی ئەمڕۆ لە تورکیادا خۆیان لە شێوەی گروپ پۆلێن دەکەن، بۆ ئەو ئۆروپایانەی لە هەوڵی دەرکردنی تورکیان لە ئۆرپا. ئەو ئۆروپایانەی کە بێشەرمانە لە گەڵ ولاٌتێکدا مامەڵە دەکەن میراتی ئێمپراتۆریەکەی زۆر مەزنە. ئەو ئۆروپیانەی وا خۆیان پیشان دەدەن رێنماییو شارەزایی دەدەن بە تورکیا. سیناریۆکە بۆ ئەمریکایەکانیش گرنگە ئەمریکایەك کە لە سیاسەتەکانیدا لە یەك کاتدا دوو رۆڵ دەبینێتو پێی وایە زۆر زیرەکە.

ململانیەکی خوێناوی بە رێوەیەو دەتوانێت گڕ لە هەموو دونیا بدات. پێتان وا نەبێت شەرشێکی لەو جۆرە دورە ئەگەری رودانی نیە. لە بیرمان نەچێت شەڕی جیهانی دووەم بە هۆی گولەیەکەوە دەستی پێکرد.

---

ئەحمەد ئالتان یەکێکە لە سەرکەوتوترین نوسەرەکانی تورکیاو رۆژنامەنوسێکی ناودارە. وەك رۆژنامەنوسێك بەردەوام کێشەی لە گەڵ حکومەتەکەیدا هەیە. ئەڵتان ژمارەیەکی زۆر رۆمانو وتاری نوسیوەو زۆربەیان لە ریزی پڕفرۆشترین بەرهەمەکانی تورکیادان ئێستا لە ئەستەمبو دەژی.